کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-4-2007 21:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# غەزای کوشتنی تاریکی ... کەژاڵ ئیبراهیم خدر

وەرن بۆ غەزای کوشتنی تاریکی...
وەرن بۆ کۆکردنەوەی وردە تەرمی یەڵدا،
ئێمە لەوێوە هاتوینەوە،
لەو شوێنەی لەناو کتێب و فەرمودەکانی "نور"دا،
روناکی حەڵاڵ و
تاریکی حەرامە....
لەو شوێنەی لەناو بیرەوەری مانگدا،
شەڕی تار، شەڕێکی ئەزەلییە...
وەرن بۆ غەزای کوشتنی تاریکی..
ئەوەی بێت...
حەفتاو چوار ئەستێرەی کەنیزەك و
سەدان چرای باڵا ژن،
حەفتاو چوار مانگی کەلەپچەو
سەدان مۆمە کچی بەرز بەژن،
بەدیاری بۆ خۆتان دەبەنەوە....
وەرن بۆ غەزای کوشتنی تاریکی،
ئەگەر بێن لەگەڵ کوشتنی هەر بستێك لە تاریکی
فرسەخێك لە جەهل دەمرێت،
وەرن با تاریکی بکوژین،
وەرن با شەو لە کات و
کات لە تاریکی و
یەڵدا لە پایز و
پایزییش لە مێژوو ببڕینەوە،
وەرن با شەو بەو هەموو ئەفسانە درۆزنەو
بەو هەموو حیکایەتە چەپەڵەوە سەرەنگون بکەین...
وەرن با غەزای کوشتنی تاریکی جاربدەین
چونکە بەهەشتی روناکی بۆ ئێمەیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.